


# کاسێتەکانتان بکەن بە دیجیتاڵی

هێشـــتاش هەندێك تۆمارگەن هەن کە کاســێت دەفرۆشن و لە زۆر ماڵیشـــدا بە سەدان کاســێت کەڵەکە کراون و خەریکە لەناو دەچن، گەر حەز دەکەی کاسێت واتە (شریت)ەکان بکەی بە دیجیتاڵی ئەوە ئامێرێکی ئەلکترۆنی بە تەنیا دەتوانی وەك موسەجەلێك سودی لێوەربگری دەتوانی بە داگرتنی دوگمەیەك کاسێتەکە بکات بە دیجیتالی و گۆرانی و ئاوازەکانی سەر کاسێتەکە بکات بە فایلێك و خەزنی بکەی.

ئامێـــری Cassette Mate کە لـــە ریکۆدەرێکی بچووك دەچێت دەکرێت کاســێتکی بخەیە ناوی و بەهۆی کێبڵی USBیـــەوە بە کۆمپیوتەری پەیوەند بدەی و دەنگی ســەر کاســێتەکە بکەی بە فایلێك و لەسەر کۆمپیوتەرەکە بە سێ فۆرماتی MP3،WAV،WMA خەزنی بکەی.




# سامسۆنگیش گەیم پادێکی بۆ مۆبایلەکانی بەرهەم هێنا

پێدەچێت مۆبایلە هۆشـــمەندەکان لەمەولا گشـــت کارێـــك ئەنجام بدەن جگە لە ئەرکی خۆیـــان نەبێت کە ئەرکی پەیوەندیی گرتنە، چونکە مۆبایلە هۆشمەندەکان لە پەنا ئەرکی خۆیاندا چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدەن، یەکێك لەو ئەرکانە گەمەی ئەلکترۆنییە. سامســۆنگ لەم دواییەدا دەســکێکی گەمەی چێکردووە کە مۆبایلەکەی لەسەر دادەنرێت و بەهۆیەوە دەکرێت گەمەی ناو مۆبایلەکە بکەی هەروەك لە وێنەکەدا دیارە.

گەیم پاد (دەســکی گەمە)ی سامســۆنگ لەگەڵ سیســـتەمی ئەندرۆید دەگونجێـــت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو مۆبایلانەی کە سیستەمی ئەندرۆید لە 4.1 بۆ سەرێیان لەسەرە. گەیم پادەکە 195 گرام کێشیەتی. خاوەنی D-padی هەشـــت گێگایە. دوو گۆی شـــێوە تۆپ و چوار دوگمە لە پێشـــەوە و دوو دوگمەی لە قەراخەکانییەتی. گەیم پادەکە پرۆگرامی MOBILE CONSOLE APPی لەگەڵدایە کە بەهۆیەوە دەکرێت ئەو گەمانە بناســی کە لەگەڵ گەیم پادەکە دەگونجێن.





# HP چەند ئامێرێکی نوێ دەخاتە بازاڕەوە

بە هاتنی ساڵی نوێ، کۆمپانیاکان بەتایبەتی کۆمپانیا دیجیتاڵییەکان لە ڕکابەریدان بۆ خستنەڕووی
نوێترین بەرهەمە دیجیتاڵییەکانیان. کۆمپانیای HPیش یەکێکە لە کۆمپانیاکانی سەرکەوتوو لە بواری
بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتاڵی وەك پرینتەر، لاپتۆپ و تەبلێت....تاد.
یەکێك لە ئامێرە دیجیتاڵییەکان ئولترابوکێکە بەناوی Elitebook folio 1040 G1
لە ئەلۆمینیۆم پێکهاتووە و شاشەکەی 14 ئینجە و کوالیتی نیشاندانەکەی 1920 لە 1080دایە واتە فوول
ئێچ دییە. کێشی ئولترابوکەکە 3 پۆندە و بارستاییەکەی 160 ملمە. بۆ ئەوەی کە بارستاییەکەی بگاتە
ئەم ئاستە ئێچ پی ناچار بووە هەندێك ئامێری دیکەی دەربهێنێ وەك پۆرتی VGA ، هەروەها Ethernet.
هەروەها یەکەمین ئولترابوکە کە لە تەکنەلۆژیای Fofcepad سوود وەردەگرێت. کە لەبری ئەو دوگمانە
داندراوە کە شاشەکەیان هەستیارن بە زەخت و بەرکەوتن.
ئەم ئولترابوکە لەباری ئەمنییەتەوە لەریزی باشترین ئولترابوکەکانە، بۆ نموونە کردنەوە بە پەنجەمۆر و
کردنەوە بە کارت و سیستەمی VPRO کۆمپانیای ئینتەل کە بۆ پاراستنی زانیاری سوودی لێوەردەگیرێت.
باترییەکەی هەتا 10 کاتژمێر دانابەزێت.
دووەمین ئولترابوکی ئێچ پی ئولترابوکێکە بەناوی Revolve G2، ئەم بەرهەمە لە ریزی ئەو ئولترابوکانە
دێت کە دەکرێت شاشەکەیان لەمسییەو بۆ هەموولایەك دەسووڕێت و دەبێتە تەبلێت. ئەم ئولترابوکە رادیۆش
وەردەگرێت و قەڵەمێکی تایبەتیشی لەگەڵدایە.

# گوستیلەیەک بۆ کۆنترۆڵی مۆبایلی هۆشمەند



مۆبایل و گەجێت و ئامێرە دیجیتاڵییەکان رۆژ دوای رۆژ زیاتر و پێشکەوتوتر دەبن. لە کاتژمێرەوە بگرە تا دەگاتە چاویلکەی هۆشمەند. تەنانەت وایلێهاتووە، کڵاوی هۆشمەند، باڵتۆی هۆشمەند، تەنانەت گۆرەوی هۆشمەندیش پەیدا بووە. گوستیلەی هۆشمەندی Smarty ringیش لە ریزی ئەو ئامێرە هۆشمەندانەیە. ئەم گوستیلە هۆشمەندە پەیوەندییەکە لەنێوان بەکارهێنەر و ئامێرەکانی وەك تەبلێت و مۆبایل. ئەم گوستیلە لە رێگای بلوتوسەوە بە ئامێری هۆشمەندەوە دەبەسترێتەوە و ئێوە ئاگادار دەکاتەوە لە پەیام و پەیوەندییەکان. ئەگەر ئێوە یەکێکن لەو کەسانەی کە مۆبایلەکەتان ون دەکەن یان مەترسی دزینی هەیە هیچ نیگەران مەبە بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەوە گەر سی هەنگاو لە مۆبایلەکەت دووربکەیەوە بە دەنگێك ئاگادارتان دەکاتەوە کە مۆبایلەکەتان لە یاد کردووە.



# هەر چینییەک چینی نییە!

له زۆربەی وڵاتانی ناوچەکــە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی له حاڵەتی گەشەسەندندان، کەلوپەلی چینی له بواری کوالیتییەوە بە نزمترین کاڵا دادەندرێت، جا چ ئامێری ئەلکترۆنیکی بێت، یان جلوبەرگ و کەرەســەی دیکــە... ئەمە لە خۆڕاش نییە، چونکە هەرزانباییترین کەرەســە لــەم وڵاتانەدا هی چینییە و کوالیتیشی زۆر نزمە، بەڵام هەموو کەلوپەلێکی چینی کوالیتی نزم نییە و هەموو ئامێرێکی چینی کەم بەها نییە.

چینییــەکان لــەم دواییەدا باشــترینی جــۆری مۆبایلی هۆشــمەندیان بەرهەم هێنا کە بە مۆبایلی Elifte E7 ناسراوە لە راســتیدا ئەمە فەبلێتە (فەبلێتە ئامێرێکــە لەنێوان تەبلێت و مۆبایلدا). کامێــرای فەبلێتی ناوبراو 16 میگاپیکســلە، ســێ مایکرۆفۆنی هەیە و پرۆسیسەرەکەی 2.5 گیگاهێرتزە. یەکەمین مۆبایلی جیهانە ئاستی خێرایی ئەوەندە بێت. کامێرای پێشــەوەی 8 میگاپیکســلە کە هیچ مۆبایلێکی هۆشــمەند کامێرای پێشەوەی ئەوەندە نییە. شاشەکەی 5.5 ئینجە، جگە لە جامی شاشەکە، جامێکی تایبەتیشی هەیە کە پارێزەری شوشە سەرەکییەکەی شاشەیە. لە گشــت سیستەمەکانی وایەرلەیس ســوود وەردەگرێت، میمۆرییەکەی 16 گیگابایتە، رامەکەی 2 گیگابایتــە. دیارە ســێ مۆدێلی هەیە کــە یەکەمەکەیان رامەکەی 3 گیگابایتە و میمۆرییەکەی 32 گیگابایتە.



## جیهانی ئەندرۆید

# پرۆگرامێک بۆ داخستنی پەیوەن

مۆبایــل لەگــەڵ ئەوەیــدا کــە کارئاســانییەکی زۆر بــۆ بەکارهێنەرەکەی ئەنجام دەدات، بەڵام زۆر کەس بەمەبەستی خراپ بەکاری دەهێنێت، لەخۆوە کورتەپەیام بۆ کەسانی دیکە دەنێرێت، یان بە لێدانی نوکە بێزاریان دەکات.

گــەر حــەز ناکــەی هیــچ کورتەپەیامێکی نەخــوازراو یان پەیوەندییەکی نەخوازراوت بۆ بێــت، ئەگەر مۆبایلەکەت لە جۆرە هۆشــمەندەکانە و سیستەمی ئەندرۆیدی لەســەرە پێشنیار دەکەم پرۆگرامــی Call & Message blocker v4.1.0 دابەزێنــە

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی ئازیز دەپرســێت لە نێوان گشت ئەو پرۆگرامانەی کە دەکرێت بەهۆی ئینتەرنێت بکرێنەوە واتە browserەکان کامەیان خێراترن بۆ کردنەوەی سایتەکان؟

خوێنەری بەڕێز هەرکام لەو پرۆگرامانەی کە ئینتەرنێتیان پێدەکرێتەوە و بەهۆیەوە دەتوانی سایتەکان بکەیەوە ئەرکەکانی رۆژانەی بەکارهێنەران ئەنجام دەدەن. پرۆگرامــە باوەکانی کردنەوەی ئینتەرنێت ئەوانەن (ئینتەرنێت ئیکســپلۆرێر، فایر فۆکس، گوگل کرۆم، ئۆپێرا...تاد) لەنێو ئەوانەدا (internet explorer10) بەهۆی ئەوەی کە بۆ کردنەوەی فایلەکانی ڤیدیۆی پێویستی بە فلاش پلایەر نییە بە سوودە، بەڵام فایرفۆکسیش تایبەتمەندی گرنگی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ســەدان پرۆگرامی لاوەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە ، بەڵام لەنێو هەموو ئەوانەدا بەڕای من گوگل کرۆم لە ریزی باشــترینەکانیان دێت، چونکە زۆر خێرایە لە کردنەوەی ســایتەکاندا لەگەڵ زمانی کوردی و زمانە هاوشــێوەکانی کوردی گرفتی نییە، دەتوانێت بوکمارکەکان لەخۆیدا هەڵبگرێت و لە هەر شوێنێك کە مەبەستتە بە دانانی جیمێل و پاسۆردی خۆت بە ئاسانی بوکمارکەکان دەکەیەوە.




## ...دی و کورتە پەیامە نەخوازراو

ســـەر مۆبایلەکەت. ئەم پرۆگرامە لە وەرگرتنی پەیوەندی و کورتە پەیامی نەخـــوازراو بەرگری دەکات ئیـــدی بەتەواوی لە چنگ ئەوانەی کێشەت بۆ دروست دەکەن رزگار دەبیت، ئەم پرۆگرامە لە وڵاتی ئێمەدا بەتایبەتی بـــۆ ئافرەتان و رەگەزی مێینە گونجاوە. بۆ دانانی پرۆگرامەکە لەســـەر مۆبایـــل دەبێت ئەو ژمارانەی کە حەزیان لێناکەی بخەیە لیســـتی رەشـــەوە، بە داگرتنی فەرمانی Unknown and private ئیـــدی ئـــەو ژمارانە بۆ هیچ کاتێك ناتوانن پەیوەندیت پێوەبکەن.

## فلاش میمۆری تایبەت بە مۆبایل و تەبلێت




هەرچەندە ئێستا بـــۆ هەڵگرتنـــی زانیاری داتاکان بەتایبەتی بۆ مۆبایل و تەبلێت کەمتر ســـود لـــە فـــلاش میمۆری وەردەگیرێـــت چونکە خزمەتگـــوزاری هاردی مەجازی واتە ئەو شـــوێنانەی لـــە ئینتەرنێت بەمەبەســـتی هەڵگرتن و راگرتنی فایل و داتاکان هەن وایانکردووە کەمتر پێویســـت بـــە فلاش میمۆری بکات، بەڵام لە شـــوێنی خۆشـــیدا فلاش میمۆری پێویســـتییەکی گرنگە. لەم دواییەدا کۆمپانیای سۆنی هەوڵیداوە فلاش میمۆرییەك تایبەت بە تەبلێت و مۆبایل بەرهەم بهێنێت.

ئـــەم فلاش میمۆرییە دوو کەلێنی هەیـــە یەکیان USB و ئەوی تریان micro USB بەهـــۆی ئەوەوە بە ئاســـانی دەکرێت فایـــل و داتاکان لە کۆمپیوتەرەوە بۆ مۆبایلی ژیرۆك و تەبلێت بگوازرێتەوە.

ســـۆنی پێیوایە ئەو فلاش میمۆریە دەکرێت وەك هاردێکی زۆر گونجاو بێـــت بۆ مۆبایلە ژیرۆك و تەبلێتـــەکان چونکە بە قەوارەی 8، 16 و 32 گیگابایت چێکراون، لەو ئامێرانەی کە سیســـتەمی ئەندرۆیدیان لەســـەرە پشتیوانی دەکەن.

## سایتێکی بە سوود بۆ فێربوونی زمان




ماڵپەڕی ئەلکترۆنی، پرۆگرامەکانی مۆبایلە هۆشمەندەکان، کتێبەکانی ئینتەرنێتی، سەرچاوەی ئۆنلاین و وەرگێڕانی ئۆنلاین گشتیان سەرچاوەگەلی بەسوودن بۆ فێربوونی زمان،، سایتی Duolingo سایتێکە لەم سایتانەی کە ئەوانەی حەزیان لە فێربوونی زمانە دەتوانن سەردانی سایتەکە بکەن.

لە ســـایتەکە پێشووتر تەنیا بەشێوەی بانگهێشت تێیدا ببی بە ئەندام، بەڵام ئێستاکە یەکێکە لە ناسراوترین سایتەکانی فێربوونی زمان و بەشێك لە وانەکانیش بە خۆڕایین. لەو سایتەدا دەتوانی لە ڕێگای خوێندنەوە و نووسین، گوێگرتن و قسەکردن فێربی. خاڵی بەهێزی سایتەکە لەوەدایە کە گرافیکی زۆر لەسەرێیە و بەهۆیەوە دەتوانی باشتر فێرببی. وانەکان بەشێوەی (فلۆچارت)ن، هۆگری فێربوونی زمان دەزانێ چەندە فێربووە و ماندووبوونەکەی هەتا کوێ بڕی کردووە. خاڵی بێ هێزی ســـایتەکەش لەوەدایە کە تەنیا 6 زمانی زیندووی جیهانی تێدایە.